**حەسەن رەحمان پەناه (ئەندامی کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە):هەڕەشەی شەڕ و پەلاماری نیزامی، بەزیانی خەباتی خەڵکی ئێرانە**

**حەسەن رەحمان پەناه:لەمێژەوتراوەو مێژووش ئەم ڕاستییەی لەکۆمۆنی پاریس (١٨٧١) و شۆرشی مەزنی ئۆکتۆبری روسیە(١٩١٧) بەکردەوەنیشان دا کەئالترناتیفی سەرمایەداری، حکومەتی کرێکارییە، هێزی کۆمەڵایەتی و بزوێنەری ئاڵوگۆڕێکی ئەوتۆ چینی کرێکار و مەشغەلی ڕێگا نیشاندەری ئەو چینە، مارکسیزم و سۆسیالیسمی زانستییە، کەمارکس و ئەنگلس پایەفیکرییەکانیان دارشت.**

وتووێژی خۆرهەڵات نیوز لەگەڵ حەسەن رەحمان پەناەئەندامی کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە(رێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)

**سازدانی: هێرش ناسری**

**بەشی یەکەم**

لەدوای ئەو قەیرانەئابوورییەی کەوڵاتانی جیهان و دونیای سەرمایەداری گرتۆتەوە، خەڵکێکی زۆر روویان لەبیری مارکس و سۆسیالیسم کردۆتەوەو بۆ نموونەدەبینین لەوڵاتی چێك سۆسیالیستەکانی ئەو وڵاتەدەسەڵاتیان گرتۆتەوەدەست. ئەگەر بکرێ هەڵسەنگاندنێکی ئەو بارودۆخەی ئێستامان بۆ بکەن و کاریگەری قەیرانی ئابووری لەسەر گەڕانەوەبۆ بیری مارکسیستی لەسەرجەم وڵاتانی جیهانمان بۆ هەڵسەنگێنن؟

وەڵام: سەرەتا ئەوەبلێم، بەباوری من ئەوەی لەوڵاتی چێك لەماوەی ڕابردوودا رووی دا، گەڕانەوەی "سۆسیالیستەکانی ئەو وڵاتەبۆ دەسەڵات نەبوو" ،چون بەداخەوە سوسیالیستەکان لەو ولاتەهەرگیز لەدەسەلاتدا نەبوون . ئێمەلامان وایەپاش چەند ساڵی یەکەمی سەرکەوتنی شۆرشی مەزنی ئۆکتۆبر لەشورەوی پێشوو (١٩١٧) و لەسالەکانی ئاخری تەمەنی لنین ، نەئەو وڵاتەو نە هیچ کام لەوڵاتەکانی دیکەی ناسراو بەبلۆکی شەرق دەسەڵاتی سۆسیالیستی تێیاندا زاڵ نەبووە، بەڵکوو ئەوەی کەبووەشێوازێکی دیکەلەسەرمایەداری، واتەسەرمایەداری دەوڵەتی بووەکەزیان و لەتمەیەکی زۆری بەبزووتنەوەی کرێکاران، بەرەی چەپ و بزووتنەوەی سوسیالیستی لەئاستی جیهان گەیاندووەو خۆراکێکی تەبلیغاتی گەورەی نایەئیختیار بەرەی راست و لایەنگرانی بازاری ئازاد. بەلام گەرانەوەی بەناو سوسیالیستەکانی چێك بۆ دەسەلات،نەك بەهۆی بەرنامەی سیاسی و ئابوری و کۆمەلایەتی ئەوان، بەڵکوو بەهۆی ناکارامەیی و شکستی بەرنامەی دەوڵەتی لایەنگری بازاری ئازاد و نێئۆلیبرالیزمی زاڵ بەسەر ئەو وڵاتەو باقی شوێنەکانی دیکەیەکەهەموو وەعدەو بەڵێنی یەکانی بەدرۆ دەرچوو.

سەبارەت بەقەیرانی ئابووری جیهان و "گەرانەوەی بۆ بیری مارکس و سۆسیالیسم" هەرچەند ئەو قسەیەراستیەکی حاشا هەڵنەگری تێدایە، بەڵام دەبێت لێك دانەوەی ئەو قەیران و باس کردن لەگەڕانەوەبۆ مارکس هێندێك بەدوور و بەدەر لەژورنالیزمی رایجی زاڵ بەسەر دنیا و میدیاکانی ئەمرۆدا هەڵسەنگێنین.

ژۆرنالیزمی رایج و میدیاکانی لایەنگری بورژوازی جیهانی، قەیرانی ئابووری ئەمرۆی جیهان بەشکلێکی رواڵەتی و رووکەشیانە باس دەکەن،کەگویا ئەو قەیرانەتەنیا قەیرانی ئابورییە،بەلام هەقیقەت ئەوەیەکەئەو قەیرانە،قەیرانی گشتی نیزامی ناعادلانەو پڕ لەستەم و چەوسانەوەی سیستەمی زالمانەی سەرمایەدارییە. رواڵەتی کێشەکەئەوەیەکەئەو قەیرانەئابوورییەلەچەند بانگ و ناوەندی پیشەسازی ئەمریکا دەستی پێ کرد و دواتر تەشەنەی کرد بۆ شوێنەکانی دیکە. دەولەت کەقەرار بوو دەست لەکار و باری "بازاری ئازاد" بەهیچ جۆر وەر نەدات، بەپشتیوانی پارەو پاشەکەوتێکی ئەرزی (پوول) کەهەیەتی، هات بەیارمەتی بانك و ئەو ناوەندەپیشەسازیانەو بەدانی پارەی نەقد، سەرەتا ٨٥ ملیارد دۆڵار و دواتر ٧٠٠ ملیارد دۆلار هەولی بۆ کۆتایی هێنان بەقەیرانەکەدا. ئەم قەیرانەکەقەرار بوو بەم پارەخەیالییەچارەسەر

بكرێت، نەتەنیا ئەو كارەی بۆ نەكرا بەڵكوو قەیرانەكەسنوورەكانی ئەمریكای تێپەراند و ئەوروپا، ئاسیا، ژاپۆن و باقی شوێنەكانی دیكەشی گرتەوە.

ئیدئۆلۆگەكانی بورژوازی كەپاش هەرەسی بلۆكی شەرق كۆتایی مێژوو و زاڵبوونی بازاڕی ئازاد و جیهانی یەك جەمسەریان ڕاگەیاندبوو، تا ئێستایش نەیانتوانیوەوڵام بەهۆكاری فكری ئەو قەیرانەكەكاریگەری و ئاسەوارەكانی لەرووخانی دیواری برلین، هەرەس هێنانی بلۆكی شەرق و ١١ی سێپتامبر گەلێك زۆرترەبدەنەوە. ئەمرۆ بەئاشكرا و لەپێش چاوی هەموومان دیواری ئەستوور و بەئاسن و چیمەنتۆ داڕێژراوی سەرمایەداری قەلشتی قوولی هەڵگرتووەو متمانەبەژیانی بێ ئازار لەپەنای وەها كەلەبەرێكدا لەنێو جەماوەری نارازیدا رۆژ بەرۆژ زیاتر دەبێت.

لەمێژەوتراوەو مێژووش ئەم ڕاستییەی لەكۆمۆنی پاریس (١٨٧١) و شۆڕشی مەزنی ئۆكتۆبری روسیە(١٩١٧) بەكردەوەنیشان دا كەئالترناتیڤی سەرمایەداری، حكومەتی كرێكارییە، هێزی كۆمەڵایەتی و بزوێنەری ئاڵوگۆڕێكی ئەوتۆ چینی كرێكار و مەشغەلی ڕێگا نیشاندەری ئەو چینە، ماركسیزم و سۆسیالیسمی زانستییە، كەماركس و ئەنگلس پایەفیكرییەكانیان دارشت. ئەگەر تێئۆریسین و خاوەن بیرەكانی سەرمایەداری لەدەست نیشانكردنی هۆكاری قەیرانی ئەمرۆی سەرمایەداری عاجز و ناتوانن، ماركس ١٥٠ ساڵ پێش ئێستا هۆكاری قەیرانی ئابووری سەرمایەداری دەست نیشان و ڕێگا چارەی نیهایی نیشان دا.

لەتێئۆرییەكانی ماركسدا بەرۆشنی بنەماكانی نیزامی سەرمایەداری لەكۆیلەتی كرێكاران، لەتەبدیل بوونی هێزی كاری ئەوان بەكاڵا (جنس)، لەكەڵەكەبوونی سەرمایەی سەرمایەدار كەلەزێدەبایی هێزی كار (ئەرزشی ئیزافە) بەدەست دێت و لەدەسەڵاتداریەتی سیاسی كەمایەتییەكی بچووك بەسەر زۆرینەیەكی بەرینی كۆمەڵگادا(دیكتاتۆری ئەقەلییەت بەسەر ئەكسەریت) دەست نیشان كراوە. هەروەها ماركس بەروونی باس لەوەدەكات لەنیزامی سەرمایەداریدا، تەولید واتە(بەرهەم هێنان) نەك بۆ وڵام بەنیاز و پێداویستییەكانی ژیانی رۆژانەی مرۆڤ، بەڵكوو بۆبەدەست هێنانی قازانج (سوود) بەكار دەهێندرێت و هەر ئەوەدەبێتەسەرچاوەی زێدەبەرهەم (ئیزافەتەولید) كەهۆكاری مەیل بۆ دابەزینی بایەخی قازانج (گەرایشی نزولی نرخی سوود) و تێكەو لێكەی بازار (هەرج و مەرج)ی لێ دەكەوێتەوەكەقەیرانی ئابووری دروست دەكات. بەپێی ئەم تێئۆرییانەماركس هۆكاری قەیرانی ئەمرۆی ئابووری جیهان دەگەرێنێتەوەبۆ كەڵەكەبوونی ئیزافەتەولید (بەرهەمی زیادە) و كەم بوونەوەی نرخ و بایەخی سەرمایەی نەگۆر (كارخانەو ناوەندی بەرهەم هێنان). هەر بۆیەدەوڵەتی سەرمایەداران هەوڵ دەدات بەدانی سەرمایەی نەقد (پول) یارمەتی نێوەندەكانی بەرهەم هێنان بۆ بوژاندنەوەو زاڵ بوون بەسەر ئەو قەیرانەدابدات.

بەڵام ئەو رێگا چارەیەبەكاتی و مەوەقەت دەزانین و دوویات بوونەوەی ئەو قەیرانەبەقەیرانی دەورەیی (بحران ادواری) ناو لێ دەبات كەقەیرانەجیهانییەكانی دیكەی ٣٠ و ٧٠سەدی رابردوو دەتوانین وەك نمونەگەلی جیهانی و بەرفراوانی ئەو قەیرانەناو لێبەرین. لەهەمان حاڵدا ماركس تەئكید دەكات ئەگەر چینی كرێكار لەو هەڵومەرجەتایبەتییە كەدێتەپێشەوەبەهوشیاری سیاسی و رێكخراوەیی نەتوانێت كەڵك وەر بگرێت و دەسەڵاتی سیاسی لەچەنگ بورژوازی بێنێتەدەر، سەرمایەداری دەتوانێت بەقیمەتی هەژاری و رۆژ رەشی زیاتر بەسەركۆمەڵگادا زال بێتەوەو ئەو قەیرانانەتێپەرێنێت و پشتی لەژێر باریدا راست بكاتەوە.

لەرۆانگەی ماركسەوەزاڵ بوون بەسەر ئەو قەیرانەئابوورییەدا هەڵرشتنی پارەی خەیالی بۆ سیستمی بانكی و ناوەندەكانی پیشەسازی و ئابووری نییە، بەڵكوو لەبێرەحمانەتر كردنی ئاستی چەوسانەوە(شیدەتی ئیستسمار، كەم كردنەوەی هەقدەستی كرێكاران، درێژ كردنی ساعات كار و كەڵك وەرگرتن لەتێكنۆلۆژیای نوێ بۆ چەوسانەوەی زیاتری كریكاران) خۆی نیشان دەدات. لەكاتی دەست پێكردنی ئەو قەیرانەئابوورییەتازەتا ئێستا، ئێمەشاهیدی لەسەر كار دەركردنی (ئیخراجی) بەملیۆن كرێكار لەوڵاتەجۆراوجۆرەكان بەمەبەستی زاڵ بوون بەسەر ئەو قەیرانەداین و ئەوەڕاستی پێش بینی و تێئۆرییەكانی ماركس لەوقەیرانەئابوورییەنیشان دەدات كەسەرمایەداری قۆرسایی قەیرانەكانی خۆی بەسەر كومەلگا و بەتایبەت كریكاراندا دەشكێنێتەوەهەتا خوی لێدەرباز كات و ئیزافەئەرزش(زیدە بایی) سەرمایەلەچەوسانەوەی هێزی كاری كریكار بەدەست دێت. ئەو پارەخیالیانەی كەئەم ماوەبۆ پێش گرتن لەوەرشكەست نەبوون(ئیفلاس)ی بانكەكان یا ناوەندەئابووری و پیشەیەكان لەلایەن دەولەتەوەبەو ناوەندانەدراون نەك لەگیرفانی سەرمایەداران، بەلكوو لەئارەقەی ناوچاوی كریكاران و خەلكی ستم لێكراو و بەقیمەتی مالوێرانی ئەوان دراوە.

ئەمرۆ لەئاستی جیهانی چ لەبەرەی کرێکاری و کۆمۆنیستی و چ لەبەرەی سەرمایەداری و نێئۆلیبراڵیدا هەوڵدان بۆ ولام دانەوەبەو قەیرانەو پێشکەش کردنی ڕێگاچارەو ئالترناتیڤی جۆراوجۆر لەئارا دایە.

ئەوەی راستی بێت تێئۆرییەکانی نێئۆلیبراڵی پاش هەرەس هێنانی بلۆکی شەرقی پێشوو و دەورانی کۆتایی مێژوو کەدەیهەویت وا نیشان بدات کەئەم قەیرانەتەنیا قەیرانی ئابوورییەنەك قەیرانی هەموو کۆمەلگای سەرمایەداری لە هەمووبوارەکانی ئابووری،سیاسی و کۆمەلایەتی کەئەمرۆ ولام دەرەوەی شیکردنەوەی ئەم قەیرانەو ریگای دەربازبوون لێی نییە.هەر بۆیەبەشێك لەخاوەن بیرانی سەرمایەداری پشت بەستوو بەمارکس و تیئوریەکانی دەبن رێگا چارەی دلخوازی خوویانی لێ بەدست بێنن. ئەوان و میدیای سەر بەسەرمایەداری ئەگەر باس لەمارکس و بۆچوونەکانی دەکەن دیانهەوێت وەك ئابوری زانێك کەکۆمەلگای سەرمایەداری باش ناسیوەکەلك لەفکر و تیئوریەکانی وەربگرن و عۆنسۆری ئالۆگور(تەغییر) کەلەرێگای کردەوەی شورشگیرانەوەبەدی دێت و کاکلەی ئەسلی مارکسیزمەلەمارکس وەرگرنەوە. بەلام بۆ کۆمونیستەکان و چینی کریکاری جیهانی باس لەمارکس و بەدستەوەگرتنی تیئۆریەکانی ، هەولدانەبۆ ئالوگۆری بنەرەتی لەسیستمی کۆیلەتی سەرمایەداری لەبواری ئابوری، سیاسی،کۆمەلایەتی کەئەوەیش تەنیا بە چینی کریکاری هوشیار، ریکخراو و تێکوشەر بۆ ئالوگۆر و سەرئەنجام بەدەستەوەگرتنی دەسەلاتی سیاسی مسۆگەر دەبێت .

قەیرانی دارایی جیهانی کاریگەرییەکی زۆری لەسەر وڵاتانی تاك بەرهەمی هەبووەو رەنگەلەداهاتووش دا ئەو کاریگەرییانەباشتر دەرکەون، ئێرانیش یەکێکەلەو وڵاتەتاك بەرهەمیانەی کەبەنەوت بەرێوەدەچێت، سیاسەتەهەڵەکانی ئێرانمان لەرووبەروو بوونەوەی ئەو قەیرانەداراییەبۆ روون بکەنەوە؟

هە ر وەك ئاماژەتان پێ دا ئێران وڵاتێکی تەك مەحسولی (تاك بەرهەمیانەیە) کەئەویش نەوتە. ئابووری ئەو وڵاتانەی کەتەك بەرهەمییەو بەتایبەت ئەگەر ئەو بەرهەمەیش بەدروستی کەڵکی لێ وەرنەگیرێت بەردەوام ئابوورییەکی نەخۆش و لەحالی تەنگ و چەڵەمەدایە. قەیرانی ئابووری جیهانی لە چەند مانگی رابردوودا کاریگەری زۆری لەسەر قیمەتی نەوت لەبازارەکانی جیهان داناوەو قیمەتی هەر بەرمیل نەوت ئێستا بەکەمتر له40 دۆلار گەیشتووە. شارەزایانی ئەم بوارەپێشبینی دابەزینی نەوت تا ٢٥ دۆڵاریش دەکەن. ئەم دابەزینی قیمەتەلە حالێکدایەکە هاوینی ئە مسال هەر بەرمیل نەوت تا 150 دۆلار چوو. ئابووری ئێران بەنەوتەوەگرێ دراوەو بودجەی ئەو وڵاتەلەسەر نەوت دابین دەکرێت. لەبودجەی ئێراندا قیمەتی هەر بەرمیل نەوت بە ٨٠ دۆلار لەنەزەر گیراوە. بەو دابەزینەلەنرخی نەوتدا بودجەی ئێران لەگەڵ سەدی پەنجا کەسری بەرەو روو دەبێت (واتە٥٠ ملیارد دۆڵار) کەمەعلوم نییەئەم کەسری بودجەلەکۆێوەدابین دەکرێت. بەپێی ئامارەکان لەبەشی فێر کردن و پەروەردە(ئاموزش و پەروەرش) و رێگا و بان ، دەوڵەتی ئەحمەدی نژاد لەگەڵ ٨ ملیارد دۆڵار کەمی بودجەو وەزارەتی بەنزین لەگەڵ ٥ ملیارد دۆڵار کەمی بودجەبەرەو روویە. بەپێچەوانەی قسەکانی ئەحمەدی نژاد کەدەڵێت "ئەگەر بەرمیلی نەوت ببێتە٥ دۆلار ئێران موشکلی نابێت"، ئابووری ئەم وڵاتەهەر ئێستا تووشی گیروگرفتی گەورەهاتووە. بەپێی هەواڵی هەواڵنێری فەرانسە(ئار.ئێف.ئی) ئێران لەگەڵ کەسری بودجەی ٧٠٪ بەرەو روویەو هەر لەو ترسەئەحمەدی نژاد تا ئێستا نەیتوانیوەلایەحەی بودجەی ساڵی تازەش پێشکەش بەمەجلس بکات. هەر بەپێی ئەم هەواڵەبەهۆی کەم بوونەوەی داهاتی ئەرزی (پول) ئێران لەوانەیە ناچار بەفرۆشتنی زەخیرەی تەڵای بانکی ناوەندی ئەم وڵاتەبێت کەسی و چوار هەزار کیلۆگرامەو بەوەها کارێك دراوی ئێران بایەخی خۆی زۆر لەدست دەدات و دەبێتەهۆی هەڵاوسان (بۆحران)ی زۆر و ئابووری ئەم وڵاتەبەتەواوی تێك دەروخێنێت. بێ گومان ئەم موشکل و قەیرانەدەشکێتەوەسەر ژیانی رۆژانەی جەماوەر.

هەر ئێستا ئاسەوارەکانی ئەو قەیرانەلەچوونەسەرەوەی نرخی تەوەرۆم (هەڵاوسان) کەبەپێی دوایین ئامارەکان رێژەی تا نزیکی ٣٠٪ چووەتەسەرێ، گران بوونی کەلوپەل و چوونەسەرەوەی قیمەتی پێداویستییەکانی ژیانی رۆژانەی خەڵك، داخرانی ناوەندەکانی بەرهەم هێنان و بێکار کرانی زیاتری کرێکاران و فەرمانبەران،خۆ نیشان دەدات کەچەند نمونە لە ئاسەوارەکانی ئەو قەیرانەن.

لەماوەی یەك مانگی ڕابردوودا بازاری بورس لەئێران تووشی زیان و زەرەری قورس هاتووە. لەچەند حەوتووی ڕابردوودا ئەرزشی بورسی تاران بەتوندی دابەزی و یەك لەسێی بایەخی خۆی لەدەست دا و بەینی ١٥ تا ٢٠ میلیارد دۆلار نرخی خۆی لەدەست دا. ئێستا زۆر خاوەن سەرمایەناوێرن لەم بوارەدا سەرمایەگوزاری بکەن و ئەمەیش کاریگەری خراپی لەسەر ئابووری ئێران دەبێت.

فشار و پەسەند کردنی چەند پریارنامەی نەتەوەیەکگرتووەکان لەسەر گەمارۆی ئابووری لەمەڕ کێشەی هەستەیی ئێران و ڕۆژئاوا ئاسەواری خراپی لەسەر ئابووری ئێران داناوە و پێداویستییەکانی رۆژانەی ژیانی خەڵکی ئەم وڵاتە چەند قات گران تر بووە.

ساڵانەلەئێراندا پێویست بەزیاتر لەیەك ملیۆن شۆغل (پیشە) هەیەکەدەوڵەتی ئەحمەدی نژاد بەپێی ئامارەکان کەمتر لە یەك لەسێی ئەو ویستەی بۆ دابین نابێت و ئەوەکێشەی گەورەی کۆمەڵایەتی لێ دەکەوێتەوە.

لە وەها هەل و مەرجێکدایەکە ئەحمەدی نژاد گەڵاڵەی لابردنی سوبسید (یارانە) و دانی مانگانەی ٦٠ تا ٧٠ هەزار تمەن پوولی نەقد بەخەڵك بەناوی "چاکسازی ئابووری" یا ئیسلاحی ئیقتصادی تەرح دەکات کە روالەتێکی زۆر فریوکارانەی هەیەو پروپاگەندەی پێش هەڵبژاردنەلە بەرانبەر رەقیبەکانی و بۆ کرینی دەنگی خەڵکەلە هە لبژاردندا. ئەم تەرحەگوایە٥ تا ٦ ملیۆن لەسەرمایەدار و دەوڵەمەندەکان لەئیمکاناتی یارانە(سوبسید) مەحروم دەکات و لەلایەکی دیکەوەمانگانەپارەیەکی نەقد دەخاتەگیرفانی هەژاران. بەڵام بەپێچەوانەوەقیمەتی پێداویستییەکانی ژیانی رۆژانەی جەماوەرچەند قات زیاتر دەکات و هەژاران هەژارتر و دەوڵەمەندەکان دەوڵەمەند دەکات. جێ بەجێ بوونی ئەو تەرحەژیانی خەڵکی ئێران هەرچی زیاتر بەرەو هەژاری و داڕمان دەبات.

هەڵەکانی ئێران لە بواری ئابووری، تەنیا بۆ سەردەمی دەسەڵاتداری ئەحمەدی نژاد ناگەڕێتەوە، بەڵکوو هەموو تەمەنی کۆماری ئیسلامی و سیاسەتەکانی ئەوان لە ولام دانەوەبە نیازە کانی سەرمایەداری ئێران و جیهان، بە تایبت بردنە پێشەوەی سیاستە نێئۆلیبراڵییەکانی بانکی جیهانی و سندووقی دراوی نێونەتەوەیی لە خزمەتکردن بە خسوسی سازی و ئازاد کردنی هێزی کار (سیال کردنی هێزی کار) بووە کە لە هیچ گۆشەیەکی ئەم جیهانە بێجگەلە بێکاری،کەم کردنەوەی حەقدەستەکان و درێژکردنەوەی سەعات کار، هەژاری، پەرەدان بە کاری مندالان و زۆر بوونی منداڵانی سەرشەقام، کەم کردنەوەی خزمەت گوزاییە کۆمەڵایەتییەکان و زۆر دیاردەی دزێوی دیکە هیچ بە رهەمێکی نە بووە و بێجگە لە کارەسات و موسیبەت هیچی دیکە ی بۆ جەماوەر  بە دیاری نە هێناوە.

هەموو ئەم راستیيانەئەوەمان پێ دەلێن کەئێران لەگەڵ کێشەی ئابووری گەورەو چار هەڵنەگر ڕوو بەڕوویەو دەلاقەیەکی رووناك بۆ کۆتایی بەو قەیرانەبەدی ناکرێت. بێ گومان وەها قەیرانێکی قوولی ئابووری، قەیرانی سیاسی و کۆمەڵایەتی لێ چاوەروان دەکرێت.  قەیرانی قوولی ئابووری و کۆمەڵایەتیش کاریگەری لەسەر ئاڵۆز بوونی هەل و مەرجی سیاسی و تەنانەت قوول بوونەوەی کێشەی ناو باڵەکانی دەسەڵات دەبێت و بوویەتی.

ئەحمەدی نژاد سەرەڕای هەموو بەڵێنەئابوورییەکان، ژیانی خەڵکی ئێرانی هەرچی زیاتر بەرەو هەڵدێر برد و  لەلایەن جەماوەری ئەم وڵاتەوەنەفرەت لێکراوە. لام وایە لە مانگەکانی داهاتوودا هەم شاهیدی قوول بوونەوەی زیاتری ئەزمەی ئابووری لە ئێران و هەم شاهیدی گەشەو پەرەسەندنی خەبات و نارەزایەتییەکرێکاری و جەماورییەکان لەم وڵاتەدەبین.

## قەیرانی دارایی جیهان تا چەند دەتوانێ ئەگەری بەکار هێنانی شەڕی سەربازی لە دژی ئێران کەم بکاتەوە؟

قەیرانی دارایی جیهان بەتەنیا وبەبێ لەبەرچاو گرتنی فاکتەرەکانی دیکەبە تەنیا ناتوانێت هۆکاری کەم کردنیشەڕ بێت. هەرچەند نابێت لە بیرمان بچێت کەدوو شەڕی یەکەم و دووهەمی جیهانی کەپاساوی سیاسی لەلایەن ئاڵمانی هەڵگیرسێنەری شەڕەوەبۆ هێنرایەوە، هۆکاری سەرەکی دەگەڕایەوەبۆ ئەو قەیران و تەنگژەئابوورییەی کەجیهانی سەرمایەداری ئەو سەردەمەتێیدا نوقم ببوو. هەر وەها زۆر شەڕی نێوان دوو یا چەند وڵات و نزیکترین و سامناکترین نموونەی چەند دەیەی رابردوو، پەلاماری عێراق بۆ سەر کوەیت و دواتر شەڕی یەکەم و دووهەمی کەنداو و پەلاماری ئەمریکا و هاوپەیمانانی بۆ سەر عێراق، لەقەیرانی ئابووری و وەڵام دانەوەبەو قەیرانەو هژمونی خوازی تەنیای ئەمریکا بەسەر جیهان و رکەبەرەجیهانیەکانیدا سەرچاوەدەگرێت. ئەزموونی ڕابردوو ئەوەمان پێ دەڵێت کەنیزامی سەرمایەداری کەفشاری کەمەرشکێنی بۆهات، شەڕ وەك یەکێك لەئامرازەکانی نەجاتی خۆی لەو قەیرانەی کەتێی کەوتووەبەکار دێنێت. بۆیەشەڕ لەدژی ئێران یا وڵاتێکی دیکەلەلایەن ئەمریکا یان زلهێزێکی ئەمپریالیستی دیکەلەوەها هەلومەرجێکدا نابێ لەنەزەر نەگرین.

بەلام کەم بوونەوەی ئەگەری شەڕ و پەلاماری نیزامی ئەمریکا بۆ سەر ئێران کەلەمانگەکانی پێشترەوەرۆژبەرۆژ کەمتر بۆتەوە(هەرچەند بەمۆتڵەقی ناتوانین بڵین لەهیچ ئاستێکدا هەر نابێت) بەشێك لەئەگەری کردەوەی نیزامی ئەمریکا لەدژی ئیران و بەتایبەت پاش هاتنی ئۆباما بەستراوەتەوەبەهەلس و کەوت و رەفتاری کۆماری ئیسلامی لەناوچەکەبۆ نمونەلەعێراق، ئەفغانستان، لوبنان و فەلەستین و چلۆنایەتی مامەڵەکردنی ئەو وڵاتەلەگەڵ ئەمریکا و بەخەتەر نەخستەنی قازانج و بەرژەوەندیەکانی ئەو زلهێزەهەیە. ئەگەر ئێران لەگەڵ ئەمریکا بەکردەوەهاوکاری و لەقسەدا توندوتیژیش بنوێنێت ئەگەری شەڕ و کردەوەی نیزامی کەم دەبێتەوەو ئەگەر پێچەوانەکەی بێت، کەوا هەست پێ ناکرێ، فەزای شەڕ زیاتر دەبێت. ئیران لەو کێشەیەدا سەهمی خۆی وەك زلهێزێکی ناوچەیی دەوێت.

هەروەك دەزانن لەکۆشکی سپی ئەمریکا گۆران هاتۆتەئاراوەو دیمۆکراتەکان جێگای کۆمارییەکانیان لەسەر کورسی دەسەڵاتدەگرنەوە، پێت وایەئەو ئاڵوگۆرانەلەکۆشکی سپی دا ببێتەهۆی گۆرانی سیاسەتی ئەو وڵاتەش لەمەڕ ئێران دا؟

ئەو ئاڵوگۆرەی کەلەئاستی سەرۆك کۆماری و کۆشکی سپی هاتۆتەئاراوە، بەباوەڕی من بەمانای ئاڵوگۆری بنەڕەتی و بەرچاو لەسیاسەتی ئەمریکا لەئاست رووداوەکانی جیهان و بگرەناوخۆی ئەو وڵاتەش نییە. لەمێژەباس لەوەدەکرێت و بەکردەوەدەبینین کەگۆرەپانی سیاسەتی ئەمریکا لەلایەن دوو حیزبی سەرەکی ئەم وڵاتە(کۆماریخوازەکان و دیموکراتەکان) پاوان کراوە. زۆر کەس بەدروست ئەو دوو حیزبەوەك دوو فراکسیون لەحیزبێکدا دەشوبهێنێت. نوام چامسکی بیرمەندی ئەمریکایی "هەردوو حیزبەکەبەحیزبێك ناو لێدەبات". ئەو دوو حیزبەلەسیاسەتی کەلان و ستراتێژدا لەئاستی جیهان جیاوازی ئەوتۆیان نییە. لەوانەیەجیاوازی ئەوەبێت کەبوش لەماوەی ٨ ساڵ سەرۆك کۆماری خۆیدا ئیعتبار و وجهەی ئەمریکای لەئاستی جیهاندا و لەگەڵ دۆست و رەقیبەکانی بێ ئیعتبارتر و سووکتر کرد. کاری ئۆباما لەم بوارەدا و بۆ بەدەست هێنانەوەی ئیعتباری ئەمریکا دشوارتر دەبێت. ئەم کارەیش تەنیا بەلەبەرچاو گرتنی سەهمی باقی زلهێزەکان و رەقیبەئەمپریالیستی و ناوچەییەکانی ئەمریکا لەئاستی جیهان مسۆگەر دەبێت. لەئاستی ناوخۆییشدا بوش لەتمەی لەیەك ڕیزی بورژوازی ئەم وڵاتەدا و کێشەکانی نێوانیانی قووڵتر کردەوە. ئۆباما هەوڵ بۆ یەکخستنەوەی یەکریزی بۆرژوازی ئەمریکاش دەدات. دانانی کەسانێك لەتیمەکەی پێشووی بوش لەجێگا و پۆستی خۆیان لەوانە(رابێرت گەیتس) وەك وەزیری بەرگری لەو چوارچێوەدا مانا دەدات.

حەقیقەت ئەوەیەکەبەشی زۆری سیاسەتەئەسڵی و ستراتێژییەکانی ئەمریکا لەلایەن تیمەکانی پسپۆری پشتی پەردەوەدیاری دەکرێت کەدواتر لەفیلتەری پسپۆرانی هەر دوو مەجلیسی پیران و گونگرێس دەگوزەرێت و پەسەند دەکرێت و پاشان سەرۆك کۆماری مەئموری بەڕێوەبردنیان دەبێت. بۆیەسیاسەتی گشتی و سەرەکیەکانی ئەمریکا سەرەڕای جیاوازی بچووك لەنێوان کۆماریخوازەکان و دیموکراتەکان لەو چوار چێوەی کەباس کرا ناچێتە دەر.

سەبارەت بەئاڵ و گۆر لەسیاسەتی ئەمریکا دەرحەق بەئێران هەر چەند بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی لەقسەدا وایان نیشاندا کەهاتنی ئۆباما یان پێ خۆشەو ئەحمەدی نەژاد پەیامی پیرۆزبایی بۆ نارد و بەقەوڵی خۆیان "نەسیحەتی" کرد،بەڵام بەکردەوەوا وێ ناچێت کۆماری ئیسلامی هاتنی دیموکراتەکان و رەوانەوەی فەزای شەری پێ خۆش بێت.

لەمانگەکانی پێشترەوەلەفەزای شەڕ کەم بۆتەوەو بەتایبەت ئۆباماش لەتەبلیغاتی هەڵبژاردندا رایگەیاند: "بێ شەرت و مەرج لەگەڵ ئێران دانوستاندن دەکات" کۆماری ئیسلامی فەزای شەری بەزۆرکردنی هێزی نیزامی لەشەقام و کۆڵانەکان، چەندین مانۆری نیزامی لەماوەی ڕابردوودا لەتاران و شوێنەکانی دیکە، مانۆری نیزامی لەخەلیجی فارس، ڕاگرتووەو پێی خۆش نییەخەڵکی ئێران سێبەری شەڕیان لەسەر لابچێت و بیر لەئاڵ و گۆر بەدەست و هێزی خۆیان بکەنەوە. هەڕەشەکانی چەند ساڵی ڕابردووی بوش لەدژی ئێران سەمێکی کوشندەبوو کەئێستاش لەجەستەی ئەو خەڵکەدا ماوەتەوە.

سەرئەنجام دەبێ بڵێم ئاڵوگۆر لەسیاسەتی ئەمریکا دەرهەق بەئێران کەلە"دروشمی رووخاندنەوەبۆ دروشمی تەغییری سیاسەت وەرچەرخاوە" بەستەگی بەسیاسەتی ئێران لەناوچەکەو هاوکاری یا دژایەتی لەگەڵ سیاسەت و بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانانی لەناوچەکەهەیە.

وەك دەزانن بارودۆخی نێو خۆیی ئێران ڕۆژ بەرۆژ خراپتر دەبێت، حکومەتی ئێران بەردەوام هەوڵی سەرکوتکردنی چالاکانی سیاسی، مەدەنی، کرێکاری ... هتد، دەدات، خوێندنەوەتان بۆ بارودۆخی ئێستای ئێران و بەرنامەتان بۆ سازمان دانی حەرەکەتەئێعترازییەکان، بەتایبەتی حەرەکەتەکرێکارییەکان و بەئاکام گەیاندنی ویستی ئەو حەرەکەتانەلەئێستا و داهاتوودا چییە؟

کۆماری ئیسلامی لەبنەڕەتدا لەدایك بووی قەیران و بۆ سەرکوتی ئەو قەیرانەسیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتیەگەیشتەدەسەڵات کەبورژوازی ئێران و حکومەتی پاشایەتی تووشی ببوو و سەرئەنجام شای رووخاند. کۆماری ئیسلامی وەڵامی بۆ ئەو قەیران و نارەزایەتیانەی کەهۆکاری ئابووری و ئیستبدادی سیاسی هەیە، تەنیا سەرکوت و زەخت و زۆر بووە. بەڵام ئەو وەڵامەئەگەر بۆ کورت ماوەو هەتا ئەو کاتەی کەخەڵك ترسیان لەدڵدایەکارساز بێت، لەدرێژماوەو کاتێك کەجەماوەر سامی شکا بەدژی خۆی هەڵدەگەڕێتەوە. سەرکوتی ڕۆژانەو بەردەوامی بزووتنەوەکۆمەڵایەتییەکان لەئێران لەترس و وەحشەتی کۆماری ئیسلامی لەم بزووتنەوانەو لەبۆرکانی ئاگرێکەکەسەر و ماڵی کۆماری ئیسلامی تەهدید دەکات. ئێمەرۆژانەشاهیدی گەشەو پەرەسەندنی ئەو بزووتنەوانەین. ئاخرین نمونە، بزووتنەوەی خوێندکاری لە١٦ی سەرماوەزی ئەمساڵ رۆژی دانشجوو لەئێران بوو کەسەرەڕای زەربەی ساڵی ڕابردوو، پشتی راست کردەوەو جارێکی دیکەپەرچەمی سوور و دروشمی چەپ و سوسیالیستی لەزانکۆکانی ئێرانی بەرزکردەوە.

ئێمەلامان وایەلەمانگەکانی داهاتوو و لەسەروبەندی هەڵبژاردنی سەرۆك کۆماری کەجۆزەردانی ساڵی داهاتوو واتەکەمتر لە٦ مانگی دیکەبەڕێوەدەچێت و پاش ئەو هەڵبژاردنە،قەیرانی ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتی لەئێران قووڵتر دەبێتەوەکەهەم هۆکاری جیهانی و دەرەکی و هەم هۆکاری ناوخۆیی و ئێران هەیەکەبریتین لە:

_بێ گومان قەیرانێکی قوولی ئابووری کە لە وڵام بە پرسیاری دووەدا هۆکارەکانیم باس کرد، قەیرانی سیاسی و کۆمەڵایەتی لێ چاوەروان و دەکەوێتەوە. هەر ئێستا ئێران لەگەڵ کۆمەڵێك کێشەی کۆمەڵایەتی گەورەوەك بێکاری لەسەرەوەی ٢٠ لەسەد، ئێعتیادی زیاتر لە٦ ملیۆن، منداڵانی خیابانی زیاتر لەیەك ملیۆن کەس، لەش فرۆشی (تەنیا تاران سێسەد هەزار ژنی لەش فرۆشی تێدایە)، هەڵاتنی رۆژانەو بەردەوامی لاوان و خوێندەواران بۆ دەرەوەی وڵات (فەرار مەغزها) بوونی باندگەلێکی بەرباڵاوی قاچاخی کچان و ژنان (سێکس) بۆ دەرەوەی وڵات، زیاتر لەسێ ملیۆن هەڵهاتوو و ئاوارەلەدەرەوەی وڵات و زۆر دیاردەی دزێو و ناحەزی دیکە بەرەورویەکەرواڵەتی وڵاتێکی نەخۆش و قەیراناویمان پێ نیشان دەدات. بێ گومان ئەم وەزعەکاریگەری لەسەر پەرەسەندنی نارەزایەتی جەماوەر دەبێت و هەر بۆیەکۆمەڵگای ئێران لەدەروونەوەدەکولێت و گۆران لەم وڵاتەزوو یا درەنگ روو دەدات.

_تەرحی لابردنی سوبسید (یارانە) لەلایەن ئەحمەدی نژادەوەنەتەنیا ئابوری قەیران لێدراوی ئیرانی پێ ئیسلاح ناکریت بەلکوو خەراپتری دەکات و هەر لەئیستاوەبووەبەمشت و مر و پروپاگەندەی پێش هەڵبژاردنی باڵەکانی رژیم کە هەڵقوڵاوی ئەو ئاڵۆزییەئابووری و کۆمەڵایەتیەیەو هەولی رێگا چارەی هەر کامەیان بۆ دەرباز بوونی کۆماری ئیسلامی لەوگێژاوەی مەرگەیەکەتیدا گیریانکردوە.

_لەوەها هەلومەرجێکدایەکەرەوتی خەباتی کرێکاری، جەماوەری و دانیشجوویی و ژنان لەئێران قوول تر بووەتەوەو کۆماری ئیسلامی ترسی مەرگی لەم بزووتنەوەرەسەنانەلەدڵی نیشتووە. هەر بۆیەرۆژانەهەڵسوڕاوانیان دەگرێت و زیندانیان دەکات. بەڵام جەماوەر نەك چاوترسێن نابن بەڵكوو توورەو جەسوورتر دەبن. خوێندنەوەی ئێمەبۆ بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئێران قووڵبوونەوەی زیاتری ئەو قەیرانانەو تەنگ و چەڵەمەی زیاتر بۆ کۆماری ئیسلامی و نزیك بوونەوەی کۆمەڵگای ئێران لەئاخێزی جەماوەری و هەلومەرجی شۆرشگێرانەیە. بێ گومان هەر چەشنەدەخاڵەتێکی دەرەکی لەوانەهەڕەشەی شەڕ و پەلاماری نیزامی، بەتایبەت بەکردەوەدەرهێنانی بەزیانی خەباتی خەڵکی ئێرانەو لەبار بردنی ئەو هەلومەرجەپێش هاتووە دەزانین.

سەبارەت بەبەشی ئاخری پرسیارەکەتان و بەرنامەی ئێمەبۆ سازمان دانی حەرەکەتەئێعترازییەکان بەتایبەت بزووتنەوەیکرێکاری چییە، دەبێ بەلێم کەئێمەپێش هەموو شتێك وزەو توانای خۆمان لەو بزووتنەوانەوەر دەگرین و هەموو ئیمکاناتی تەبلیغاتی و تەشکیلاتی خۆمان بۆ بەهێز کردنی ئەو بزووتنەوانەوەگەر دەخەین. لام وایەئەو بزووتنەوانەئەوەندەکادر و هەڵسوڕاوی تێکۆشەر و جێگای متمانەیان پەیدا کردووەکەبەئاسانی دەتوانن رێبەرایەتی ئەو بزووتنەوانەبکەن. ئێمەبەبێ ئەوەیخۆمان بەپریار دەر بەو هەڵسوراو و ڕابەرەعەمەلییانەبزانین، هەول دەدەین زۆر سەمیمانەو لەکردەوەدا زەعف و کەم و کۆرییەکانیان

بخەینەپێش چاو، هەواڵی تێکۆشان و چالاکییەکانی ئەوان رۆژانەو بەردەوام باس بکەین هەتا لەشوێنەکانی دیکەلەخاڵەلاواز و بەهێزەکانی دەرس و تەجرەبەوەر گرن، هەول دەدەین تەجرەبەی بزووتنەوەی کرێکاری، جەماوەری و خەباتکارییەکانی دیکەلەئاستی جیهان و ناوچەکەبەمەبەستی لێ فێر بوون و دەرس وەرگرتن باس بکەین. لەدەروەی وڵات هەولی کۆ کردنەوەی هاوپشتی مادی و مەعنەوی بۆ ئەم بزووتنەوانەدەدەین و تێدەکۆشین سیاسەتەدژی ئینسانییەکانی کۆماری ئیسلامی هەرچی زیاتر لەقاو بدەین و پشتیوانی جەماوەری بۆ خەبات و بزووتنەوەی کرێکاری و جەماوەرییەکانی ناوخۆی وڵات ڕابکێشین.